# بۆ داخوازی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بەڕیزی ئێمە "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان"ەوە پەیوەست بن

**خەلکی ئازادیخوازی کوردستان،**

**لاوان، ژنان، کریکاران وکارمەندان، رۆشنبیران ..**

**هەموو ئەوانەی خوازیاری سەربەخۆیی و دوارۆژیکی ئازاد وئارامن بۆ کوردستان..**

بەدوای هەلبژاردنەکانی عیراقدا مەسەلەی دامەزراندنی دەولەت و حکومەتیکی عروبی-ئیسلامی لەسەرو خواستی خەلکی عیراق و کوردستانەوە سازدەدریتەوە. هاوکات بارودۆخی نائارامی و شەر وکوشتار و تیرۆرو تەقینەوە وکیشمە کیشمەکیشی لایەنە قومی وئیسلامی‌یەکان و ئەمریکا تادیت ژیانی خەلکی دەهاریت و رۆژانە چەندین کەس دەکاتە قوربانی خۆی.. بیگومان لەئاوەها هەلومەرجیکدا ئایندەی کوردستان بەرەو داهاتویەکی ناهەموارو نادیار راپیچدەکریت و خەلکەکەشی بێ ئیرادە دەبن لەبەرامبەر ئەوەی بریار لەسەر شیوەی ژیانی ئیستای خۆیان وداهاتووەکەیان بدەن.

چەندین سالە ئیمە خەلکی کوردستان، سەرەرای خەباتی نەبراوە و قوربانی دانی گەورە و تەحمولکردنی چەندین کارەسات و تراژیدیای ئینسانی، کەبەهۆی لەسەر کاربوونی حکومەتە قەومی‌یە یەك لەدوایەکەکانی عیراقەوە کراوەتە میژوومان، هەمیشە چاومان لەوەبریوە کە رۆژیك بیتەپیشەوە تیایدا پرسمان پی بکری و مافی بریاردانی ئازادانەمان لەریفراندۆمیکدا بۆ بەرەسمی بناسری، تالەم ریگایەوە وبەئیرادەی خۆمان داهاتووی خۆمان دیاری‌بکەین و بۆهەتا هەتایە ئەو بەلام وموسیبەتانەی بەهۆی ستەم و کیشەی قەومی‌یەوە یەخەی پیگرتوین لەکۆلمان ببیتەوە. بەلام ئەم مافە و ریگایە بۆ ئیمە نەك وەك مافیك دانی پیدانەنراوە، بەلکو بە ئاگرو ئاسن تەرحیل و تەعریب، زیندان‌و ئیعدام‌و کوشتنی بەکۆمەل، ترس وتۆقاندن، وەلاممان پیدراوەتەوە و بەردەوامیش ئیرادەی خەلکی کوردستان کراوەتە قوربانی بەرژەوەندی‌و کیشمەکیش‌و شەری نیوان هیزە قەومیەکانی عەرەبی‌و کوردی‌و ئیسلامی سیاسی.

ئیستاش بەدوای هەلبژاردن وکەوتنەری‌ی سازدانەوەی دەولەتی عیراق ئەم مافەی خەلکی کوردستان لەلایەن هیچ کەس ولایەنیکەوە بەرەسمی نەناسراوەو جاریکی تر هەولدان بۆ لکاندنەوەی کوردستان بەدوور لە ئیرادەی خەلکەکەی بۆژیرسایەی دەولەتی مەرکەزی عیراق بۆتە حالەتیکی ئەکید، کەدیارە ئەمەش بەمانای جیگیر کردنەوەی جاریکی‌تری ستەمی نەتەوایەتی بەسەر خەلکی کوردستان و بەحساب هینانەوەیانە وەك هاولاتی‌یانی پلەدوو. ئەمە بەمانای راگرتنەوەی ئیستاو داهاتووی جەماوەری خەلکی کوردستانە لەبەردەم دەورەیەکی‌تر لەکارەساتەخویناویی و سەرکوتگەریەکانی دەولەتی مەرکەزی .. بەمجۆرەش رووداوەکانی نزیك بەدووسالی رابردووی دوای جەنگ و رووخانی رژیم ئەو راستی‌یەی سەلماندووە کەنە ئەمریکا و نەئەحزابی قەومی عەرەبی و نەئیسلامی سیاسی و نەدەسەلاتدارانی کورد ئامادەنین پرس و ئیرادەی ئیمە خەلکی کوردستان بۆبریاردان لەسەر داهاتوومان بەرەسمی بناسینن، بەلکو ئەوە تەنها بزوتنەوەی جەماوەری و خەباتی ریکخراوی خەلکی کوردستان لەدەوری دروشم وداخوازی رۆشنی "ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان" دەتوانی ئەوئیرادەیە بهینیتە کایەوە کەداهاتووی کوردستان بداتەوە دەست خەلك خۆیان .. ئیمە لەم پیناوەدا "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان"مان پیکهیناوە و داواش لەهەموو لایەك دەکەین بەریزی ئیمەوە پەیوەست بن.

## جەماوەری خەلکی کوردستان..

پەیوەست بن بە"کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان"، پالپشتی بکەن‌و بە هیزی بکەن، بە هیزبونی ئەم ریکخراوەیەو پتەو بونی بەمانی بەهیزبونی سەنگەری خەباتی ئیوەیە لەپیناو ئازادی ودامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆ لە کوردستاندا، بەمانای کۆتایهینانە بەسیاسەتی یاریکردن بە چارەنوسی ئیوەوە، بەمانای پاراستنی ئەمنیەت‌و خۆشگوزەرانی ژیانی ئیوەیە.

دەنگی خۆتان لە دەوری ئەم ریکخراوە یەك بخەن‌و خۆتان ریکخراوبکەن، تا داوا بکەین دەبیت کوردستان جیابیتەوە، دەبیت کوردستان دەولەتی سەربەخۆی هەبیت، نابی بەسیناریۆی هەلبژاردن‌و ئەنجامە نامەعلومەکانی فریو بخۆین، ئەم هەلبژاردنە جگەلە راپیچدانەوەی کوردستان بۆژیر سایەیی دەولەتیکی قومی عەربی وئیسلامی ئەنجامیکی تری بەدواوە نابیت. داهاتوویەکی ئاواش بەزەرەی خەلکی کوردستانە و پیچەوانەیە لەگەل بەرژەوەندیەکانی خەلکدا. یەکپارچەیی عیراق لە ئیستادا لە سایەی تیرۆرستانی ئیسلامی‌و هیزە قەومیەکاندا بۆ خەلکی کوردستان زیان بەخش‌و کوشندەیە.

با هەر ئیستا بنکەی گەرەکەکان بە ناوی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دامەزرینین ولەدەوری کۆببینەوە و توماری چەندمیلۆنی بۆ داواکاری بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان سازبدەین. وەرن بالەهەمووشارەکانی کوردستان و لەدەرەوەی ولات دەنگی ئەم داوایە بەگوێی کاربەدەستان و UNو ناوەندە بریاردەرە جیهانی‌یەکاندا بدەین. تەنها بەخەباتی جەماوەری خەلکی کوردستان دەتوانری کوردستان سەربەخۆو ئازاد بیت، ئیمە خەلکی کوردستان لەم خەباتەدا تەنها نین و سۆزی ملیۆنەها ئینسانی موتەمەدن و ئازادیخوازمان لەگەلە.

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ریکخراوی ئیوەیە بۆ گەرانەوەی دەورو ئیرادەی جەماوەری خەلك و بۆ رزگاری لە ستەم‌و کیشەی نەتەوایەتی، بۆ سەربەخۆیی کوردستان‌و داسەپاندنی دەسەلاتی خەلك، بۆ بەدی هینانی ئازادی‌و خۆشگوزەرانی‌و زەمانەتی ئاسایش‌و دووربون لە هەرەشەی ترۆریزم، بۆ یەکسانی ژن‌و پیاو، بۆ دابین کردنی ماڤ هاوولاتیان بە دوور لە جیاوازی دین‌و رەگەزو نەتەوەو زمان... کەوایە وەرن بەریزی ئیمەوە پەیوەست بن. وەرن باپیکەوە کۆری ئەم خەبەتە گەرم و بەهیزکەین..

**ئەمجەد غەفور**

**سکرتێری کۆنگرەی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان**

2005/2/26